*Journal of Language Studies* Vol.10, No.1, Part 1, 2026, Pages (140-153)
DOI: https://doi.org/10.25130/Lang.10.1.P1.9

ISSN: 2663-9033 (Online) | ISSN: 2616-6224 (Print)
Journal of Language Studies
Contents available at: https://jls.tu.edu.iq/index.php/JLS

# Linguistic Changes of the Kurdish Language on Social Media Platforms

**Asst. Lect. Rozhan Qadir Abubakir***
**College of Education/ University of Raparin**
**Rozhan.qadir@uor.edu.krd**

**Received:** 05/01/2026, **Accepted:** 27/01/2026, **Online Published:** 31/03/2026

## Abstract

This research examines the transformations within the Kurdish language across social media platforms, focusing specifically on Facebook, Instagram, and TikTok. Utilizing a descriptive-analytical approach and drawing upon sociolinguistic frameworks—such as linguistic diversity and code-switching—the study reveals that social media has fostered a new digital dialect termed "Digital Kurdish."

The findings indicate that 55% of vocabulary is abbreviated and 70% of messages contain emoji's, leading to a decline in lexical expressive capacity and a neglect of grammatical rules. Furthermore, the widespread use of foreign loanwords, shorthand writing, and the mixing of scripts (Arabic and Latin) poses a significant challenge to the unity and stability of the standard language.

The study confirms that digitalization presents both opportunities and risks: while it revitalizes the language and bridges communication gaps between users, it simultaneously threatens cultural linguistic identity. Consequently, the research proposes the establishment of a "Soft Digital Standard" theory consisting of three levels: a unified foundational level

* **Corresponding Author:** Rozhan Qadir Abubakir**, E-mail:** Rozhan.qadir@uor.edu.krd .
**Affiliation:** University of Raparin - Iraq

© This is an open access article under the CC by licenses http://creativecommons.org/licenses/by/4.0

for orthography and basic grammar; a flexible level to accommodate shorthand and emoji's, and a technical support level integrated through Unicode fonts and AI-powered keyboards. This framework aims to preserve the Kurdish language within the digital sphere and facilitate its evolution into a global online medium.

**Keywords:** Kurdish Language, Social Media, Linguistic Change, Digital Kurdish, Standardization.

# تغيرات اللغة الكوردية في شبكات التواصل الاجتماعي

م. م. روژان قادر أبوبكر
**كلية التربية / جامعة رابرين**

## المستخلص

تتناول هذه الدراسة تحليل التغيرات اللغوية التي طرأت على اللغة الكوردية في وسائل التواصل الاجتماعي، مع التركيز على منصات فيسبوك، إنستغرام، وتيك توك. وبالاعتماد على المنهج الوصفي التحليلي والمفاهيم النظرية للغويات الاجتماعية، والتنوع اللغوي، وتبديل الرموز(Code-switching) ، تتوصل الدراسة إلى أن وسائل التواصل الاجتماعي أوجدت لهجة رقمية جديدة تُعرف بـ "الكوردية الرقمية."

تُظهر النتائج أن ٥٥٪ من الكلمات قد تم اختصارها، وأن ٧٠٪ من الرسائل تحتوي على رموز تعبيرية(Emojis) ، مما أدى إلى تراجع القدرة التعبيرية اللفظية وضياع القواعد النحوية. علاوة على ذلك، فإن الاستخدام الواسع للمصطلحات الأجنبية، والكتابة المختزلة، وخلط الأبجديات (العربية + اللاتينية) يشكل تهديداً لوحدة واستقرار اللغة المعيارية.(Standard)

تثبت الدراسة أن الرقمنة تمثل فرصة وتهديداً في آن واحد: فمن ناحية، تعمل على تنشيط اللغة وتقريب المستخدمين، ومن ناحية أخرى، تضع الهوية اللغوية الثقافية في خطر. لذا، تقترح الدراسة تأسيس نظرية جديدة تُسمى "المعيار الرقمي المرن"، تتكون من ثلاثة مستويات: مستوى أساسي موحد للإملاء والقواعد الجوهرية، ومستوى مرن لتقبل الاختصارات والرموز التعبيرية، ومستوى دعم تقني عبر خطوط اليونيكود ولوحات المفاتيح المدعومة بالذكاء الاصطناعي. يمكن لهذا الحل أن يحمي اللغة الكوردية في العالم الرقمي ويدفع بها نحو العالمية عبر الإنترنت.

**الكلمات المفتاحية:** اللغة الكوردية، وسائل التواصل الاجتماعي، التغير اللغوي، اللغة الكوردية الرقمية، التنميط اللغوي.

# گۆڕانکارییەکانی زمانی کوردی لە تۆڕی کۆمەڵایەتیدا

م.ی. ڕۆژان قادر ئەبوبەکر
زانکۆی ڕاپەڕین / کۆلێژی پەروەردە

**پوختە**

ئەم توێژینەوەیە شیکردنەوەی گۆڕانکارییەکانی زمانی کوردی لە تۆڕی کۆمەڵایەتیدا دەکات، بە جەختکردنەوە لەسەر سەکۆکانی فەیسبووک، ئینستاگرام و تیکتۆک. بە بەکارهێنانی ڕێبازی وەسفی-شیکاری و چەمکە تیۆرییەکانی زمانەوانی کۆمەڵایەتی، هەمەچەشنیی زمانی و کۆد گۆڕین، توێژینەوەکە دەریدەخات، کە میدیای کۆمەڵایەتی شێوەزارێکی دیجیتاڵی نوێی دروست کردووە بە "کوردیی دیجیتاڵی" ناودەبرێت.

ئەنجامەکان نیشانیدەدەن کە ٥٥٪ی وشەکان کورتکراونەتەوە و ٧٠٪ی پەیامەکان ئیمۆجییان تێدایە، کە دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی توانای دەربڕینی وشەیی و لەدەستدانی یاسا ڕێزمانییەکان. هەروەها، بەکارهێنانی بەرفراوانی وشەی بیانی، کورتەنووسین و تێکەڵکردنی ئەلفوبێ (عەرەبی + لاتینی) مەترسی لەسەر یەکگرتوویی و سەقامگیری ستانداردی زمان دروستدەکەن.

توێژینەوەکە دەسەلمێنێت بە دیجیتاڵیکردن هەم دەرفەت و هەم مەترسییە: لەلایەکەوە زمان زیندوو دەکاتەوە و بەکارهێنەرانی لەیەکدی نزیک دەکاتەوە، بەڵام لەلایەکی ترەوە ناسنامەی زمانی و کلتووری دەخاتە مەترسییەوە. بۆیە پێشنیاردەکرێت تیۆرێکی نوێی "ستانداردی دیجیتاڵی نەرم" دابمەزرێنرێت، کە لە سێ ئاست پێک بێت: ئاستی بنچینەیی یەکگرتوو بۆ ڕێنووس و ڕێزمانی بنەڕەتی، ئاستی نەرم بۆ قبووڵکردنی کورتەنووسین و ئیمۆجی، ئاستی پشتیوانی تەکنیکی لە ڕێگەی فۆنتی یونیکۆد و کیبۆردی -AIپشتیوان. ئەم چارەسەرە دەتوانێت زمانی کوردی لە جیهانی دیجیتاڵدا بپارێزێت و بەرەو زمانێکی جیهانی ئۆنلاینی ببات.

**کلیلە وشە :** زمانی کوردی، تۆڕی کۆمەڵایەتی، گۆڕانکاری زمانەوانی، زمانی کوردی دیجیتاڵی، ستانداردکردن.

## پێشەکی

زمانی کوردی، وەک زمانێکی دەوڵەمەند بە مێژوو و کلتوور، لە سەردەمی تۆڕی کۆمەڵایەتیدا تووشی گۆڕانکارییەکی خێرا بووە. سەکۆکانی وەک فەیسبووک، ئینستاگرام و تویتەر بوونەتە شوێنی سەرەکی بۆ بەکارهێنانی زمانی کوردی، کە ئەمەش وشەی بیانی، کورتەنووسین و ئیمۆجییەکان دەهێنێتە ناو زمانەکەوە. ئەم گۆڕانکارییانە لە لایەکەوە زمانی کوردی بە زیندوویی دەهێڵێتەوە و قسەپێکەرانی لەیەکدی نزیک دەکەنەوە، بەڵام لە لایەکی ترەوە مەترسی لەسەر سەقامگیری و پاکی زمان دروست دەکەن. لێرەدا، پێویستە کاریگەرییەکانی ئەم گۆڕانکارییانە بە وردی بۆ پاراستنی ناسنامەی زمانی کوردی لە جیهانی دیجیتاڵیدا باس بکرێت.

### 1-0 ناونیشانی توێژینەوەکە

لێکۆڵینەوەکە بەناونیشانی: **گۆڕانکارییەکانی زمانی کوردی لە تۆڕی کۆمەڵایەتیدا.** باس لەو وەرچەرخان و گۆڕانە جۆراوجۆرانە دەکات کە بەسەر شێوازی بەکارهێنان و نووسین و ئاخاوتنی زمانی کوردیدا هاتوون بەهۆی کاریگەری پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکانەوە.

## 2-0 کێشەی توێژینەوەکە

تۆڕی کۆمەڵایەتی بووەتە سەرچاوەی سەرەکی بۆ پەیوەندییەکانی ڕۆژانە بە زمانی کوردی، بەڵام ئەم پەیوەندییە خێرا و نافەرمییە وشەی بیانی (وەک ئینگلیزی و عەرەبی)، کورتەنووسینەکان بۆنمونە: "ب" بۆ "باشە"، "SP" بۆ "سوپاس" و ئیمۆجییەکان دەهێنێتە ناو زمانەکەوە. زمانی کوردی بە زیندوویی دەهێڵنەوە و بەکارهێنەرانی لە گۆڕانکارییە مۆدێرنەکاندا بەشداری دەکەن، بەڵام لە لایەکی ترەوە مەترسی لەسەر یەکگرتوویی و ڕەسەنایەتیی زمانەکە دروستدەکەن. هەروەها، زەقبوونەوەی جیاوازیی نێوان شێوەزارەکان لەم سەکۆیانەدا، دەبێتە هۆی ئەوەی ناسنامەی زمانی کوردی تووشی مەترسی ببێتەوە .پرسیارە جەوهەرییەکە لێرەدا ئەوەیە: چۆن ئەم گۆڕانکارییانە لێکبدرێنەوە و شیبکرێنەوە، تا بتوانرێت ڕێگەی گونجاو بۆ پاراستنی زمانەکە لە جیهانی دیجیتاڵیدا بدۆزرێتەوە؟

## 3-0 گرنگی توێژینەوەکە

ئەم توێژینەوەیە بایەخێکی تایبەتی هەیە؛ چونکە زمانی کوردی لە نێو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا ڕووبەڕووی گۆڕانکارییەکی خێرا بووەتەوە، کە ڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر ناسنامەی کولتووری و یەکگرتوویی زمان دەبێت. شیکردنەوەی ئەم وەرچەرخانانە دەبێتە ڕێخۆشکەر بۆ دۆزینەوەی میکانیزمی گونجاو بە مەبەستی پاراستنی ڕەسەنایەتی و سەقامگیریی زمان، بە جۆرێک کە هاوسەنگی لە نێوان پاراستنی پێگەی زمان و هێشتنەوەی زیندوویی و بەکارهێنانی لەلایەن ئاخێوەرانەوە دروست بکات. جگە لەوەش، دەتوانێت ببێتە بنەمایەک بۆ داڕشتنی سیاسەتی زمانی لە جیهانی دیجیتاڵیدا و بەرەنگاربوونەوەی ئەو مەترسییانەی لە سەردەمی نوێدا ڕووبەڕووی زمانەکەمان دەبنەوە.

گرنگیی ئەم توێژینەوەیە بە شێوەیەکی پوخت لەم چەند خاڵەدا کورت دەبێتەوە:

- پاراستنی ڕەسەنایەتی :دەستنیشانکردنی ئەوەی تا چەند زمانی کوردی توانیویەتی بەرگەی لێشاوی وشەی بیانی بگرێت.
- هەڵسەنگاندنی ڕێنووس :ئاشکراکردنی ئەو مەترسییانەی کە بەهۆی نووسینی خێرا و هەڵەوە ڕووبەڕووی ڕێزمانی کوردی دەبنەوە.
- ناسنامەی دیجیتاڵی :تێگەیشتن لەوەی زمانی کوردی چۆن وەک ئامرازێکی مۆدێرن لەگەڵ تەکنەلۆژیا خۆی گونجاندووە.
- گۆڕانی نەوەکان :دیاریکردنی جیاوازیی شێوازی ئاخاوتنی نەوەی نوێ (گۆڕانی سۆسیۆ-زمانەوانی) کە بەهۆی سۆشیاڵ میدیاوە دروست بووە.
- زەنگی ئاگادارکردنەوە :هۆشیارکردنەوەی ناوەندە زانستییەکان بۆ دانانی پلان و ڕێسای نوێ بۆ پاراستنی زمان لە فەوزای دیجیتاڵیدا.

## 4-0 ئامانجی توێژینەوەکە

ئامانجی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە شیکردنەوەی گۆڕانکارییەکانی زمانی کوردی لە تۆڕی کۆمەڵایەتیدایە، لە ڕووی وشەی بیانی، کورتەنووسین و ئیمۆجییەکانەوە. هەروەها، پێشنیارکردنی ڕێگەی پاراستنی سەقامگیری و ناسنامەی زمان لەم جیهانە دیجیتاڵییەدا، بە جۆرێک کە زیندوویی و بەکارهێنانی قسەپێکەرانیشی پارێزراو بێت.

## 5-0 ڕێبازی توێژینەوەکە

ڕێبازی توێژینەوەکە وەسفی – شیکاری بەکارهاتووە، کە توێژینەوەکە پشت دەبەستێت بە بینینی واقیعەکە (وەسف) و پاشان وردکردنەوەی هۆکار و مەترسییەکانی (شیکردنەوە) بە مەبەستی گەیشتن بە ئەنجامێکی زانستی.

### 6-0 سنوری توێژینەوەکە

ئەم توێژینەوەیە تەنها لەسەر گۆڕانکارییەکانی زمانی کوردی لە سەکۆکانی (فەیسبووک، ئینستاگرام و تیکتۆک) چڕ دەبێتەوە؛ تۆڕەکانی وەک (یوتیوب و ئێکس) لە دەرەوەی بازنەی ئەم توێژینەوەیە دەمێننەوە. هەروەها، بەهۆی فراوانیی پانتایی جوگرافی و فرەچەشنیی ئاستە کۆمەڵایەتییەکان، ئەم توێژینەوەیە بە وردی ناچێتە نێو جیاوازییە ناوچەیی و کۆمەڵایەتییەکانەوە و وەک یەکەیەکی گشتی مامەڵە لەگەڵ بەکارهێنانی زماندا دەکات. جگە لەوەش، کاریگەرییەکانی ئەم گۆڕانکارییانە تەنها لە چوارچێوەی زمانی پەیوەندیی دیجیتاڵیدا لێکدەدرێنەوە و کاریگەرییان لەسەر زمانی نووسینی فەرمی یان ئەدەبیی کوردی نابێت و لە دەرەوەی بەدواداچوونی ئەم توێژینەوەیە دەبێت.

### 7-0 هۆکاری هەڵبژاردنی توێژینەوەکە

هۆکاری سەرەکیی هەڵبژاردنی ئەم بابەتە بۆ ئەو وەرچەرخانە خێرایە دەگەڕێتەوە کە لە فۆرم و ناوەڕۆکی زمانی کوردیدا، بەهۆی باڵادەستیی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە ژیانی ڕۆژانەی تاکدا، هاتۆتە ئاراوە. ئەم لێکۆڵینەوەیە وەک پێویستییەکی زانستی بۆ بەرەنگاربوونەوەی مەترسییەکانی شێوانی ڕێنووس و فەرهەنگی وشەی کوردی دێت، بە ئامانجی دۆزینەوەی میکانیزمێکی گونجاو کە هاوسەنگی لە نێوان پاراستنی ڕەسەنایەتیی زمان و پێشکەوتنی تەکنیکیدا دروست بکات. هاوکات، توێژینەوەکە هەوڵێکە بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە مەعریفییەی لە بواری زمانی کوردیی دیجیتاڵیدا هەیە و وەک سەرچاوەیەکی ئاگادارکەرەوە کاردەکات بۆ پاراستنی ناسنامەی زمانی کوردی لە نێو لێشاوی بەجیهانیبووندا.

### 8-0 پێکهاتەی توێژینەوەکە

توێژینەوەکە لە دوو بەش پێکهاتووە، لە بەشی یەکەمدا بە پێنج تەوەرە باسی وەرچەرخانە زمانەوانییەکانی زمانی کوردی لە فەزای دیجیتاڵیدا لە تیۆرییەوە بۆ واقیع دەکرێت، تەوەرەکانیشی‌ بریتین لە: (تەوەرەی یەکەم: گۆڕانکارییەکانی زمانی کوردی لە سەردەمی دیجیتاڵیدا، تەوەرەی دووەم: فرەناوەندیی زمانی کوردی و ئالنگارییەکانی تەکنەلۆژیا، تەوەرەی سێیەم: تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان وەک ژینگەیەکی نوێی زمانەوانی، تەوەرەی چوارەم: ئاستەکانی نووسین لە زمانی کوردیدا: لە نووسینی ئەکادیمییەوە بۆ زمانی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان، تەوەرەی پێنجەم: تیۆرەکانی زمانەوانی کۆمەڵایەتی و ڕەهەندەکانی هەمەچەشنی کۆد گۆڕین و قەرزکردنی وشە لە زمانی کوردیی دیجیتاڵیدا).

هەروەها بەشی دووەمی توێژینەوەکە لە دووتوێی چوار تەوەردا پەیامێکی گۆڕانخوازی و بەرگرییانەی هەیە، بە زمانێکی زانستی ڕوونکراوەتەوە کە زمانی کوردی تەنها لەبەردەم شێواندندا نییە، بەڵکو لەبەردەم پەرەسەندنێکی ناچارەکیدایە، تەوەرەکانی بریتین لە: (تەوەرەی یەکەم: شیکردنەوەی مۆرفۆلۆژی و سینتاکسی (تیۆریی کورتکردنەوە) ، تەوەرەی دووەم: پاشەکشەی توانای وشەیی و پەرەسەندنی زمانی وێنەیی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییە کوردییەکاندا ، تەوەرەی سێیەم: ستانداردی زمانی کوردی لە نێوان تیۆرە کلاسیکییەکان و نەرمیی دیجیتاڵیدا ، تەوەرەی چوارەم: ئیمپریالیزمی زمانی و بەرەنگاریی دیجیتاڵی بۆ گۆڕانکارییەکانی زمانی کوردی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا).

لە کۆتاییدا ئەنجامەکان و لیستی ئەو سەرچاوانەی کە سوودیان لێبینراوە، دیاریکراون، پوختەی توێژینەوەکەش بە هەر سێ زمانی کوردی عەرەبی و ئینگلیزی ئاماژەپێکراوە.

### 1-1 گۆڕانکارییەکانی زمانی کوردی لە سەردەمی دیجیتاڵدا

زمانی کوردی، وەک زمانێکی هیندوئەورووپی بە مێژوویەکی دەوڵەمەند، لە سەردەمی دیجیتاڵدا تووشی گۆڕانکارییەکی قووڵ بووە، بەتایبەتی لە تۆڕی کۆمەڵایەتیدا. سەکۆکانی وەک فەیسبووک، ئینستاگرام و تیکتۆک بوونەتە شوێنی سەرەکی بۆ بەکارهێنەرانی کورد زمان، کە ئەمەش بەهۆی خێرایی لە پەیوەندییەکان، کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر

وشەسازی و ڕێزمان و هاتنەناوەوەی وشەی بیانی دروستکردووە، هەروەها تۆڕی کۆمەڵایەتی بووەتە هۆی شێواندن و تێکدانی وشە و ڕێزمانی کوردی، وەک کورتکردنەوەی وشەکان بۆ خێرایی نووسین، کە لە لایەکەوە زمان بە زیندوویی دەهێڵێتەوە، بەڵام لە لایەکی ترەوە مەترسی سەقامگیری بۆ دروست دەکەن(Mahmud, 2019, 5).

ئەم گۆڕانکارییانە بە تایبەتی لە ناو گەنجان بەرچاوە، کە بەکارهێنانی کورتەنووسینەکان و ئیمۆجییەکان بە شێوەیەکی فراوان بەکاردەهێنرێت، کە ئەمەش بە نمونە، لە چاتی فەیسبووکدا بەرچاوە، ئەم شێوەی نووسینە نوێیە لە زمانی کوردیدا، کە بە واتای نەگونجاو یان لە دەرەوەی یاسا ڕێزمانییەکان بەکاردەهێنرێت، دەبێتە هۆی دروست بوونی جیاوازی لە نێوان بەکارهێنەرانی(Hasan, 2021, 153). هەروەها، وشەی بیانی، وەک (like) و (ok) و چەندان وشەی تر، بە شێوەیەکی خێرا دێنە ناو زمانی کوردی، کە ئەمەش بەهۆی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان لە تۆڕی کۆمەڵایەتیدا ڕوودەدات( Ahmad, 2025, 4 ).

ئەم گۆڕانکارییانە کاریگەرییەکی نەرێنیان لەسەر ڕەسەنایەتیی زمان هەیە؛ بەتایبەتی لە پەرەسەندنی بەکارهێنانی وشە وروژێنەر و نەرێنییەکان لە (تیکتۆک و فەیسبووک)دا، کە زۆرجار دەبنە هۆی توندوتیژیی کۆمەڵایەتی، نەبوونی چاودێری و سنووربەندی لەم تۆڕانەدا، ڕێگەی خۆشکردووە بۆ بڵاوبوونەوەی زمانێکی زبر و بازاڕیی، ئەمەش لە درێژخایەندا دەبێتە هۆی کاڵبوونەوەی بەها کلتورییەکان و تێکچوونی شوناسی زمان( Moradinazar et al., 2025, 25). ئەم بابەتە گرنگییەکی زۆری بۆ کورد هەیە، چونکە زمان ناسنامەی نەتەوەییە، گۆڕانکارییەکانی لەم تۆڕانەدا دەتوانێت ببێتە مەترسی بۆ یەکگرتوویی زارەکانی وەک سۆرانی و کرمانجی (Joseph, 2012, 147).

گۆڕانکارییەکانی زمانی کوردی لەم تۆڕە کۆمەڵایەتیانەدا هەم دەرفەت و هەم مەترسی دروست دەکەن، لەلایەکەوە، دەتوانێت زمانەکە بە زیندوویی بهێڵێتەوە و بگەیەنێتە ئاستی نێودەوڵەتی، بەڵام لە لایەکی ترەوە پێویستە سیاسەتەکانی زمانی بۆ پاراستنی سەقامگیری دابمەزرێنرێن.

### 2-1 فرەناوەندیی زمانی کوردی و ئالنگارییەکانی تەکنەلۆژیا

زمانی کوردی لە سەردەمی دیجیتاڵیدا وەک زمانێکی فرەناوەندییە (Polycentric)، کە ئاستەکانی ستانداردی جیاوازی هەیە بەپێی شێوەزار، ناوچە و جۆری تۆڕ، هەروەها زاری کرمانجی ناوەڕاست بە ستانداردی فەرمی لە هەرێمی کوردستان دادەنرێت، لەسەر بنەمای ڕێنووسی عەرەبی-پێشینە (ئەلفوبێی ١٩٧٠ی ئەکادیمیای کوردی)، کە لە ڕۆژنامە، کتێب و پەروەردەی فەرمی بەکاردەهێنرێت، ئەم ستاندارده یاسا ڕێزمانییەکان و پێوەری وشەسازی دەگرێتەوە، کە لەسەر بنەمای کوردی سلێمانی دامەزراوە (Hassanpour, 1992, 473). کرمانجی بە ڕێنووسی لاتینی (ئەلفوبێی بەدرخان، ١٩٣٢) ستانداردە لە باکوور، ڕۆژئاوا و تاراوگە، بەڵام بەهۆی نەبوونی دەوڵەت و یەکگرتوویی، جیاوازییەکی زۆر لە نێو نووسەرە جیاوازەکاندا هەیە (Haig and Matras, 2002, 11).

لە سەردەمی دیجیتاڵیدا، بەهۆی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە ئاستە ستانداردەکانی زمان ڕووبەڕووی شکان و گۆڕانکاریی جەوهەری بوونەتەوە. بەکارهێنەران لە ڕێگەی کورتەنووسینەکانی وەک: ('چ' بۆ 'چۆن'، 'ب' بۆ 'باشە')، وشەی بیانی وەک:("lol" ، "ok"، ...)، هێما و ئیمۆجییەکان، شێوازێکی نوێیان لە پەیوەندی دروستکردووە،کە بە کوردیی دیجیتاڵی ناستاندارد دەناسرێت(Mahmud, 2019, 3). هەرچەندە ئەم شێوازە خێرایی بە ئاڵوگۆڕی پەیامەکان دەبەخشێت، بەڵام هاوکات سنوورەکانی زمانی ستاندارد کاڵدەکاتەوە و دەبێتە هۆی قووڵبوونەوەی جیاوازیی نێوان شێوەزارەکان و تێکچوونی یەکگرتوویی زمانی کوردی.

ناساندنی ئەم ئاستانە پێشینەیەکی گرنگە بۆ دەستنیشانکردنی گۆڕانکارییەکان، چونکە بە بەراوردکردنی "کوردی ستانداردی فەرمی" لەگەڵ "کوردی دیجیتاڵی نافەرمی" دەتوانرێت قووڵایی و ئاڕاستەی گۆڕانکارییەکان دیاریبکرێن. بۆ نموونە، لە فەیسبووکدا، تەنها ڕێژەیەکی کەمی پۆستەکان بە شێوەی ستاندارد نووسراون، کە ئەمەش نیشانەیە بۆ پەرەسەندنی شێوەیەکی نوێی زمانی(Hasan, 2021, 155). ئەمجۆرانە لە ناساندن و لێکۆڵینەوە دەبنە بنەمایەک بۆ چۆنییەتی پاراستنی ناسنامەی زمانی کوردی لە جیهانی ئۆنلایندا.

**3-1 تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان وەک ژینگەیەکی نوێی زمانەوانی**

تۆڕی کۆمەڵایەتی پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکانن کە پەیوەندییە خێرا، کورت و نافەرمییەکان لە نێوان بەکارهێنەراندا ڕێکدەخەن، وەک فەیسبووک (Kaplan and Haenlein, 2010, 61). تایبەتمەندیی سەرەکی ئەم جۆرە تۆڕانە خێراییە، کە بەکارهێنەران ناچار دەکات پەیامەکان کورت بکەنەوە بۆ سنووری کاراکتەر، کە ئەمەش دەبێتە هۆی کورتەنووسین و لەدەستدانی یاسا ڕێزمانییەکان(Crystal, 2011, 23)، ئەم گۆڕانکارییانە لە ڕووی وشەسازی و ڕێزماندا بە ڕوونی ڕەنگ دەدەنەوە؛ بۆ نموونە بەکارهێنانی کورتەنووسینی وەک 'سل' بۆ 'سڵاو 'یان 'سپ' بۆ 'سوپاس'، هەروەها تێکەڵکردنی دەستەواژەی بیانی وەک 'Bra'بۆ 'برا' یان 'Pls'بۆ 'تکایە ' ئەم جۆرە لە پەیوەندی، زمانەکە لە چوارچێوەی یاسا ستانداردەکان دووردەخاتەوە و شێوازێکی نوێی نووسین دەسەپێنێت کە تێیدا وردەکاریی ڕێزمانی دەبێتە قوربانیی خێرایی گەیاندنی پەیام (Baron, 2010, 59).

هەروەها، پەیامەکانی وێنەیی/ ئیمۆجی بەشێکی گرنگی پەیوەندییەکانن، کە وشەکان کەم دەکەنەوە و واتا بە شێوەیەکی بینراو یان پەیوەندیدار بە بینین (Visual) پێشکەش دەکەن (Danesi, 2017, 45). ئەم ئیمۆجییانە دەتوانن جێگرەوەی وشە بن یان واتای نوێ زیاد بکەن، کە ئەمەش کاریگەری لەسەر پاکی و یەکگرتوویی لە زمانی کوردیدا هەیە، ئەم تایبەتمەندییانە دەبنە هۆی دروستبوونی شێوەیەکی نوێی زمانەوانی دیجیتاڵی، کە زیندوویی و چالاکی زیاد دەکەن، بەڵام لە لایەکی ترەوە مەترسی لەسەر زمانی ستاندارد و زمانی فەرمی نووسین و ئەدەبیات دروست دەکات.

**4-1 ئاستەکانی نووسین لە زمانی کوردیدا: لە نووسینی ئەکادیمییەوە بۆ زمانی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان**

لە تیۆرە زمانەوانییەکاندا، نووسین بە دوو جۆری سەرەکی جیادەکرێتەوە: نووسینی فەرمی/ ئەکادیمی و نووسینی تۆڕی کۆمەڵایەتی (نافەرمی)، نووسینی فەرمی بە شێوەیەکی ستاندارد پێناسە دەکرێت، کە یاسا ڕێزمانییەکان و وشەسازی یەکگرتوو و ڕێنووسی ستاندارد و واتای ورد بەکاردەهێنرێت، وەک لە کتێب، ڕاپۆرت و گۆڤارە ئەکادیمییەکانداهەیە(Swales, 1990, 24). چونکە ئەم جۆرە نووسینە لەسەر بنەمای یەکگرتوویی و سەقامگیری و پاکی زمان دامەزراوە، کە لە زاری کوردی ناوەڕاستدا بە ڕێنووسی (ئارامی) عەرەبی و لە کرمانجی بە لاتینی پەیڕەودەکرێت(Hassanpour, 1992, 475).

لە بەرامبەردا، نووسین لە تۆڕی کۆمەڵایەتی بە شێوەیەکی نافەرمی، خێرا و کورت دیاریدەکرێت، کە کورتەنووسین وەک: "ب" بۆ "باشە"، وشەی بیانی "ok"، ئیمۆجی (😂، ❤️) و هەڵکەوتەی ڕێزمانی بەکاردەهێنریت، ئەم جۆرە نووسینە بەهۆی سنووری کاراکتەر، خێرایی پەیوەندی و دەوروبەری کۆمەڵایەتییەوە پەرەدەسەنێت، کە لە تیۆری "net speak" کە لەلایەن زمانەوانی بەناوبانگ دەیڤید کریستاڵ (David Crystal)ەوە پەرەپێدراوە، بە گشتی ئاماژە بە زمانی ئینتەرنێت یان زمانی نووسینە ئەلیکترۆنییەکان دەکات، وەک شێوەیەکی نوێی زمانەوانی پێناسە کراوە(Crystal, 2004, 84). لە زمانی کوردی، ئەم جیاوازییە دەبێتە هۆی دروستبوونی دوو ئاستی زمانەوانی: ستاندارد (فەرمی) و نا فەرمی (دیجیتاڵی)، کە ئەمەش کێشەیەکی تیۆرییە بۆ دەستنیشانکردنی گۆڕانکارییەکان، ئەم جیاکردنەوەیە بنەمایەکە بۆ شیکردنەوەی چۆنیەتی لەدەستدانی سنوورەکانی ستاندارد لە تۆڕی کۆمەڵایەتیدا، پێویستمان بە دامەزراندنی سیاسەتی زمانەوانی دیجیتاڵییە بۆ پاراستنی ناسنامەی کوردی.

**5-1 تیۆرە زمانەوانییە کۆمەڵایەتییەکان و ڕەهەندەکانی هەمەچەشنی کۆد گۆڕین و قەرزکردنی وشە لە زمانی کوردیی دیجیتاڵیدا:**

1-5-1زمانەوانی کۆمەڵایەتی(Sociolinguistics)

زمانەوانی کۆمەڵایەتی شـــیکاری پەیوەندی لە نێوان زمان و کۆمەڵگە دەکات، کە چەمکی شـــێوەزاری کۆمەڵایەتی (Sociolect)یەکێکە لە چوارچێوە ســـەرەکییەکانی(Wardhaugh, 2010, 135). ئەو جۆرە زمانەوانییەیە کە گرووپێکی کۆمەڵایەتی دیاریکراو وەک، (گەنجان، پیشـــەییەکان یان بەکارهێنەرانی ئینتەرنێت) بەکاریدەهێنن، کە لە ڕووی وشەسازی، ڕێزمان و ئەداوە بەکاردەهێنرێت (Holmes and Wilson, 2022, 218).

بەو پێیەی کوردیی دیجیتاڵی خاوەنی وشـەسـازی، شـێوازی دەربڕین و یاسـای تایبەت بە خۆیەتی و لە لایەن گرووپێکی کۆمەڵایەتیی دیاریکراوەوە (بەکارهێنەرانی ئینتەرنێت) بەکاردێت، بە تەواوی مەرجەکانی "شـــێوەزاری کۆمەڵایەتی" تێدایە و وەک دیاردەیەکی زمانەوانیی ســـەردەم پێویســـتی بە توێژینەوەی وردتری مۆرفۆلۆژی و ســـیمانتیکی هەیە (Mahmud, 2019, 6).

بە بەکارهێنانی ئەم چەمکە، دەتوانین بڵێین زمانی کوردی لە تۆڕی کۆمەڵایەتیدا، شێوەزارێکی کۆمەڵایەتی نوێی دروستکردووە، کە بنەمایەکە بۆ شیکردنەوەی چۆنیەتی پەرەسەندنی زمان لە کۆمەڵگەی دیجیتاڵیدا.

### 1-5-2 تیۆری هەمەچەشنی زمانی (Language Variation)

ئەم تیۆرە شـــیکردنەوە بۆ گۆڕانکارییەکانی زمـان دەکـات، بەپێی فـاکتەرە کۆمەڵایەتی و جوگرافی و کـاتییەکـان (Chambers, 1995, 3). بەڵام لە تییۆرە کلاسیکییەکاندا فاکتەرە سەرەکییەکان بریتین لە:

- جوگرافی، بۆ نمونە زاری کوردی ناوەڕاست بەهۆی سنورە ناوچەییەکانی.
- کۆمەڵایەتی، شێوەزاری چینایەتی یان تەمەن، بۆ نمونە گەنجان وشەی نوێ بەکاردەهێنن.
- کات، گۆڕانکاری سەدە بەسەدە، وەک لە دەستدانی وشە کۆنەکان. (Labov, 1972, 45)

لە فەزای دیجیتاڵیدا، ئەم فاکتەرانە بە شـــێوەیەکی خێرا و جیهانی پەرە دەســـێنن، خێرایی پەیوەندی دەبێتە هۆی کورتەنووســـین، کە بەراورد بە گۆڕانکارییە کلاسـیکییەکانی وەک:(گۆڕانی سروشـتی زمان لە ڕێگەی کۆچ، جەنگ یان تێپەڕبوونی ســـەدەکان)،کە پێویســـتی بە کاتێکی یەکجار زۆر هەیە، بەڵام لە فەزای دیجیتاڵیدا لە چەند ســـاڵێکدا ڕوودەدات، بە بەراوردکردنیـان ڕوون دەبێتەوە کە گۆڕانکـاریی دیجیتـاڵی خێراتر و جیهـانی تر و نـافەرمی ترە، کە دەتوانێت یەکگرتوویی شـــێوەزارەکانی زمانێک لەناوببات یان شـــێوەزاری نوێ دروســـت بکات، هەروەها ئەم تیۆرە بنەمایەکە بۆ تێگەیشتن لەوەی چۆن فەزای دیجیتاڵی هەمەچەشنیی زمانی کوردی خێراتر دەکات.

### 1-5-3 کۆد گۆڕین (Code-Switching) و قەرزکردنی وشە (Borrowing)

کۆدگۆڕین لە نێو بەکارهێنەرانی کوردیی دیجیتـاڵیدا، کردەیەکی زمـانەوانیی ســـیســـتـماتیکە کە تێیدا ئاخێوەر بە شـێوەیەکی ئاگایانە یان نائاگایانە پەنا بۆ زمانی دووەم دەبات؛ ئەمەش نەک تەنیا بۆ پڕکردنەوەی کەلێنە وشـەییەکان، بەڵکو وەک ئامرازێک بۆ جەختکردنەوە لەســـەر ناســـنامەیەکی کلتووریی فرە ڕەهەند(Auer, 2013, 27). لە تۆڕی کۆمەڵایەتیدا، بەکارهێنەرانی کورد بە شـــێوەیەکی بەرچاو کۆد گۆڕین دەکەن، بۆ نمونە: "ئەز 😂 cool im باشـــە بەڵامvibe ەکەی شـــیکە!" کە ئینگلیزی "cool"، "vibe"، "shake" لەگەڵ کوردی تێکەڵدەکات بۆ نیشـــاندانی ناسنامەی گەنجانە و جیهانی(Hasan, 2021, 168) .

تیۆرییە زمانەوانییەکان (وەک تیۆری تێکهەڵکێشیـ زمانەوانی) جەخت لەوە دەکەنەوە کە کۆدگۆڕین دیاردەیەکی کاتی و پەیوەست بە کۆنتێکستە، لە کاتێکدا قەرزکردن پرۆسـەیەکی سیستماتیکییە و دەچێتە نێو سیستەمی وشـەسازیی زمانی وەرگرەوە. ئەم دوو دیاردەیە ئەگەرچی جیاوازن، بەڵام لە زمانی کوردیدا بە ڕێژەی جیاواز ئامادەییان هەیە. وەرگرتنی وشـەی بیانی (قەرزکردن) ئەگەر لەسـەر بنەمای پێویستیی زمانەکە و بەپێی ڕێسا زانستییەکان بێت، نەک هەر زیان بە زمان ناگەیەنێت، بەڵکو دەبێتە هۆی دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی گشـــتی؛ وەک چۆن لە زۆربەی زمانە زیندووەکانی جیهاندا ئەمە باوە(Poplack, 2020, 217). لەگەڵ ئەوەشـدا، تێکەڵبوونی بێسـەروبەری زمانەکان لە

فەزای دیجیتاڵیدا، کە زۆرجار لە دەرەوەی ڕێسا و مەرجە تایبەتەکانی وەرگرتنی وشەیە، دەکرێت ببێتە مەترسی بۆ سەر یەکگرتوویی و (پاکی) زمانی ستاندارد. لێرەوە، تێگەیشتن لەم دوو ئاراستەیە دەبێتە بنەمایەک بۆ شیکردنەوەی شێوازی گۆڕانی زمانی کوردی لە سەردەمی تەکنەلۆژیادا.

## 1-2 شیکردنەوەی مۆرفۆلۆژی و سینتاکسی (تیۆریی کورتکردنەوە)

لە چوارچێوەی یاسای کەمترین هەوڵ (The Law of Least Effort) کە لەلایەن زمانەوان جۆرج کینگسلی زیپف (George Kingsley Zipf)لە ساڵی ١٩٤٩دا وەک تیۆرێکی بنچینەیی ناسێندرا، کورتکردنەوە وەک میکانیزمێک بۆ کەمکردنەوەی شێوەی وشە یان ڕستە بەکاردێت، ئەم تیۆرە ڕوونی دەکاتەوە کە مرۆڤ هەمیشە هەوڵدەدات زۆرترین زانیاری بە کەمترین وزە و کات بگەیەنێت، ئەم دیاردەیە لە زمانەوانی دیجیتاڵیدا بەهۆی خێرایی پەیوەندییەکانەوە بە شێوەیەکی بەرچاو پەرەی سەندووە(Baron, 2010, 62). لە تۆڕی کۆمەڵایەتیدا، تایبەتمەندییە تەکنیکییەکان وەک سنووردارکردنی ژمارەی پیتەکان بەکارهێنەر ناچاردەکەن وشە و ڕستەکانیان کورت بکەنەوە، کە ئەمەش بەپێی تیۆری ئەزموونی ئابوری "economy of expression" ڕوودەدات( Crystal, 2004, 85).

لە زمانی کوردیدا کورتکردنەوە بەچەند شێوەیەک دەردەکەوێت:

- لابردنی دەنگەکان بۆ نموونە: "س" بۆ "سڵاو"، "د.س.خ" بۆ "دەستخۆشی"
- بەکارهێنانی ژمارە بۆ نموونە: "٢" بۆ "دوو"، "٤" بۆ "چوار"
- کورتەنووسینی ڕستە بۆ نموونە: "چ؟" بۆ "چ دەکەی؟" یان "باش" بۆ "باشە " (Hasan, 2021, 172).

ئەم کورتکردنەوانە لەسەر بنەمای پێویستی تەکنیکی و خێرایی پەیوەندی پەرەدەسێنن، کە تیۆریی کورتکردنەوە وەک "constrained communication"پێناسەی دەکات(Herring, 2005, 620). بەپێی توێژینەوەی (2019) Mahmud لە پۆستە کوردییەکاندا نزیکەی ٥٥% وشەکان کورتکراونەتەوە، کە ئەمەش دەبێتە هۆی لەدەستدانی یاسا ڕێزمانییەکان و پاکی وشەسازی، کە بە واتای هەوڵدان بۆ پاراستنی زمان لە "وشەی بیانی" و گەڕانەوە بۆ بەکارهێنانی ئەو ڕەگ و مۆرفیمانەی کە لە بنەڕەتی زمانەکەدا هەن، لە فەزای دیجیتاڵیدا، ئەمە وەک بەرگرییەک دەردەکەوێت دژی ئەو شەپۆلە گەورەیەی، کە وشە ئینگلیزی و عەرەبی کە بەبێ فلتەر دەچنە ناو ئاخاوتنی ڕۆژانەوە(Mahmud, 2019, 9). لە کۆتاییدا، ئەم تیۆرە ئەوەمان نیشاندەدات کە تەکنەلۆژیا ناچارمان دەکات کە زمان بگۆڕین، لە زمانی کوردی دەبێتە هۆی دروستبوونی شێوەیەکی نوێی کورتەنووسین کە لە لایەکەوە کارایی زمانەکە زیاد دەکات، بەڵام لە لایەکی ترەوە مەترسی لەسەر ستانداردی شێوەزارەکان دروستدەکات.

## 2-2 پاشەکشەی توانای وشەیی و پەرەسەندنی زمانی وێنەیی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییە کوردییەکاندا

ئیمۆجی و نیشانە نا-وشەییەکان (Non-verbal symbols) وەک 😂، ❤️، 👍 یان 😞 بەشێکی گرنگی پەیوەندییە دیجیتاڵییەکانن، کە لە بواری پارازمانی (paralanguistic)دا وەک جێگرەوەی ئاماژەی لەش و دەنگ و سۆزداری پێناسەدەکرێن(Danesi, 2017, 12). لە تۆڕی کۆمەڵایەتی زمانی کوردیدا، ئەم نیشانانە واتای زمان دەگۆڕن و دەوڵەمەندی دەکەن، چونکە واتایەکی زۆرتر یان ڕوونتر زیاددەکەن بەبێ ئەوەی پێویستی بە وشە بێت. بۆنموونە، "سڵاو 😂" بە واتای "سڵاو بە خەندەیەکەوە" دەردەکەوێت، یان "زۆر باشە ❤️ " بە واتای "بە خۆشەویستی" (Hasan, 2021, 178).

ئەم نیشانانە زیاتر جێگەی دەربڕینە سۆزدارییەکان دەگرنەوە، کە لە پەیوەندیی ڕووبەڕوودا بە دەنگ، چاو یان لەش دەردەبڕێن. بەپێی توێژینەوەی Mahmud (2019)، ٧٠%ی پەیامە کوردییەکان لە (فەیسبووک و ئینستاگرام و تیکتۆک)دا ئیمۆجیان تێدایە بۆ دەربڕینی سۆز، کە ئەمەش کەمکردنەوەی وشەی سۆزداری وەک "خۆشحاڵ" یان

"دڵتەنگ" بە دوای خۆیدا دەهێنێت، هەروەها، ئیمۆجی دەتوانێت واتا بگۆڕێت، بۆنموونە، "باشە 😒" بە واتای نەرێنی دەردەکەوێت، کە ئەمەش لە تیۆری نیشانەزانیی کۆنتێکست (contextual semiotics)دا وەک گۆڕینی واتا بە نیشانە پێناسەکراوە(Mahmud, 2019, 10).

ئەم جێگرتنەوانە پەیوەندییەکان خێراتر و روونتر دەکەن، بەڵام دەبنە هۆی کەمبوونەوەی توانای وشەیی و هەژاربوونی زمان و فەرهەنگ و رێزمانی لە زمانی کوردیدا. ئەم نیشانانە هەرچەندە هاوکارن لە گونجاندنی زمان لەگەڵ ژینگەی نوێی پەیوەندییەکاندا، بەڵام پێویستە بە وریاییەوە بەکاربهێنرێن بۆ پاراستنی توانای دەربڕینی سۆزداری و وردەکارییەکانی هەست.

## 3-2 ستانداردی زمانی کوردی لە نێوان تیۆرە کلاسیکییەکان و نەرمیی دیجیتاڵیدا

تیۆرە زمانەوانییەکان کاریگەرییەکی راستەوخۆیان لەسەر ستانداردی زمانی کوردیدا هەیە، بەتایبەتی لە سەردەمی دیجیتاڵدا، تیۆرە کلاسیکییەکان وەک ستانداردکردنێکی فەرمی لەسەر بنەمای یەکگرتوویی رێنووس، رێزمان و پاکی دامەزراون، کە لە میدیا فەرمییەکان و پەروەردەدا بەکاردەهێنرێن، بەڵام تیۆرە نوێیەکانی وەک نەرمیی زمان (Fluidity)و شێوەزاری دیجیتاڵی پێشنیاردەکەن ستاندارد پێویستی بە گونجاندن هەیە لەگەڵ کورتەنووسین، ئیمۆجی و تێکەڵکردنی ئەلفوبێ(Wardhaugh, 2010, 138).

کاریگەریی تیۆرەکان لەسەر ستانداردی زمان بابەتێکی زۆر گرنگ و بنچینەییە لە زمانەوانیدا. ئەم کاریگەرییە پەیوەندی بەوەوە هەیە کە زمانزانان و دامەزراوە فەرمییەکان چۆن لە گۆڕانکارییەکانی زمان تێدەگەن و چۆن بڕیار دەدەن کە ئایا گۆڕانکارییەک قبووڵ بکرێت یان ڕەتبکرێتەوە، کاریگەرییەکانیش بەم شێوەیەن:

- چەمکی نەرمیی زمان (Language Fluidity) : چەمکی نەرمیی زمان ئەو توانایەی زمانە کە بە شێوەیەکی داینامیک گۆڕانکاری تێدا ڕوودەدات و یاساکانی ڕێنووس و ڕێزمان گونجاو دەبن لەگەڵ کۆنتێکستە نوێیەکان، بەبێ لەدەستدانی ناسنامەی سەرەکی، لە بواری زمانەوانی کۆمەڵایەتیدا، ئەم نەرمییە وەک پەرەسەندنی سروشتی زمان پێناسەدەکرێت، بەڵام لە سەردەمی دیجیتاڵدا خێراتر بووە(Trudgill, 2011, 45). میدیای کۆمەڵایەتی بووەتە هۆیەکی سەرەکی بۆ نەرمیی یان شلۆقبوونی یاساکان لە زمانی کوردیدا، چونکە بەکارهێنەران بە شێوەیەکی نافەرمی و خێرا نووسین دەکەن. بەپێی توێژینەوەی(2024) Al-jaf، تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی وەک فەیسبووک و ئینستاگرام و تیکتۆک، بوونەتە هۆی دروستبوونی جۆرێک لە 'کۆدەنگیی زمانی 'لەنێوان گەنجاندا، ئەم نەوەیە زیاتر مەیلیان بەرەو بەکارهێنانی کوردیی ناوەندیی ستاندارد هەیە، کە ئەمەش لە درێژخایەندا دەبێتە هۆی کاڵبوونەوەی تایبەتمەندییە فۆنەتیکی و فەرهەنگییەکانی شێوەزارە ناوچەییەکانی وەک گەرمیانی، کۆیی و ناوچەکانی تر، مەترسیی لەدەستدانی ئەو هەمەڕەنگییە زمانییەی لێدەکەوێتەوە کە تایبەتمەندیی ناسنامە ناوچەییەکانە (Al-jaf, 2024, 10).

ئەم نەرمییە لە ڕێگەی کورتەنووسین و تێکەڵکردنی ئەلفوبێ (عەرەبی + لاتینی) و هەڵەکوتەی ڕێزمانییەوە دەردەکەوێت، کە بەهۆی خێرایی و سنووری کاراکتەرەوە ڕوودەدات، ئەم شلۆقبوونە زمان زیندوو چالاک دەکات و بەکارهێنەرانی لەیەکدی نزیک دەکاتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا، مەترسی بۆ سەر تایبەتمەندیی شێوەزارەکان دروستدەکات و دەبێتە هۆی سڕینەوەی سنووری نێوانیان، ئەم دیاردەیە پێویستی بە چاودێری هەیە بۆ پاراستنی نەرمییەکی تەندروست، نەک شلۆقبوونی تەواو.

- دیاردەی چاکسازیی زمان لە تۆڕی کۆمەڵایەتیدا: دیاردەی چاکسازیی زمان (Language Reform) لەم تۆڕانەدا ئەو پرۆسە نافەرمییە کە بەکارهێنەرانی بەویستی خۆیان ڕێنووس و ڕێزمان و وشەسازی دەگۆڕن بۆ گونجاندن لەگەڵ سنوورە تەکنیکییەکان، وەک نەبوونی فۆنت و کیبۆردی ناتەواو یان نەگونجاوی یونیکۆد، لە تیۆری (technological determinism) دا، تەکنەلۆژیا وەک فاکتەری سەرەکی گۆڕانکاریی زمان

پێناسـەدەکرێت، کە بەکارهێنەران ناچاردەکات چاکسازیی نافەرمی بکەن(Baron, 2010, 78). لە زمانی کوردیدا ئەم دیاردەیە بەم شێوانەی خوارەوە دەردەکەوێت:

1. جێگرتنەوەی پیتەکان، بۆ نمونە: "7" بۆ "ح"، "3" بۆ "ع"، "kh"بۆ "خ"، "p"بۆ "پ" ....
2. تێکەڵکردنی ئەلفوبێ عەرەبی + لاتینی، وەک "سڵاو bye یان "سلام khosh "
3. دروستکردنی کورتەنووسینی تەکنیکی، بۆ نمونە: "ڤید" بۆ "ڤیدیۆ" بەهۆی نەبوونی "یۆ" (Al-jaf, 2024, 15).

بەمەش دەردەکەوێت کە بەشی زۆری بەکارهێنەرانی تۆڕی کۆمەڵایەتی لە زمانی کوردیدا بۆ چارەسەرکردنی کێشەی فۆنت بەکاریدەهێنن، کە ئەمەش دەبێتە هۆی دروست بوونی شێوەزاری دیجیتاڵی نافەرمی، ئەم هەوڵانە بەکارهێنان ئاسان دەکەن، سەرباری ئەوەش شلۆقبوونی ستانداری زمانەکە و جیاوازی نێوان شێوەزارەکانی زیاتر دەکات.

### 4-2 ئیمپریالیزمی زمانی و بەرەنگاریی دیجیتاڵی بۆ گۆڕانکارییەکانی زمانی کوردی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا

ئایندەی زمانی کوردی لە تۆڕی کۆمەڵایەتیدا لە نێوان دوو جەمسەردا گیردەخوات، ئەوانیش بریتین لە:

- تیۆری مردنی زمان لە ئەنجامی دیجیتاڵیزەکردن: تیۆری مردنی زمان (Language Death) پێشبینی دەکات کە زمانە بچووکەکان لە ئەنجامی زاڵبوونی زمانە باڵادەستەکان (Dominant Languages) لە فەزای دیجیتاڵیدا لەناودەچن، چونکە پلاتفۆرمەکان بە زمانە باڵادەستەکان (ئینگلیزی، عەرەبی، چینی) دیزاینکراون، کە ئەمەش بەکارهێنەرانی زمانەکانی تر ناچاردەکات بگۆڕێن بۆ ئەو زمانانە بۆ ئەوەی پەیوەندییەکی کاراتریان هەبێت، لە تیۆریdigital language imperialism دا، نەبوونی سەرچاوەی دیجیتاڵی (فۆنت، کیبۆرد، ئەپ، ئەلگۆریتم) بۆ زمانە بچووکەکان دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی بەکارهێنان و لە کۆتاییدا مردنی زمانەکان( Crystal, 2000, 132).

لە زمانی کوردیدا، ئەم نیگەرانیانە بەرچاون چونکە زمانی ئینگلیزی و عەرەبی زاڵن لە ئەپەکان و پلاتفۆرمەکاندا، کە بەکارهێنەرانی زمانی کوردی ناچار دەکات کود گۆڕین بکەن یان بە زمانی ئینگلیزی و عەرەبی بنووسن، بەتایبەتی لە لای ڕەوەندی کوردی، بەڵام زمانی کوردی بەرەنگاری ئەم تیۆرییە دەبێتەوە بە هەوڵە کۆمەڵایەتی و تەکنیکییەکان:

1. دروستکردنی کیبۆردی کوردی (Kurdish Keyboard) لە ئەندرۆید و ئایئۆئێس.
2. پەرەپێدانی فۆنتی یونیکۆد (Noto Sans Kurdish ، Awesta Font ).
3. بەکارهێنانی زمانی کوردی لە پۆستەکاندا بە ڕێژەی ٧٥% لە ناو چینی گەنجاندا (Al-jaf, 2024, 17).

ئەم هەوڵانە نیشانیدەدەن کە دیجیتاڵیکردن دەتوانێت زیندووکردنەوەی زمانیش بێت، نەک تەنها مردن، چونکە تۆڕی کۆمەڵایەتی زمانی کوردی دەگەیەنێتە ملیۆنەها بەکارهێنەر لە جیهاندا، لە کۆتاییدا، دەبێت زمانی کوردی لەگەڵ ئەم تیۆرە مامەڵەبکات بە خۆ گونجاندن و نوێگەری، کە پێویستی بە سیاسەتی فەرمیی دیجیتاڵی هەیە بۆ پاراستنی زمانەکەی لە جیهانی ئۆنلایندا.

- پێویستی تیۆرێکی نوێ: زمانی کوردی لە سەردەمی دیجیتاڵیدا تووشی گۆڕانکارییەکی خێرا بووە کە تیۆرە کلاسیکییەکانی ستانداردکردن (ئەکادیمیای کوردی ١٩٧٠ یان ئەلفوبێی بەدرخان ١٩٣٢) ناتوانن بە تەواوی شیبکەنەوە یان چارەسەری بکەن(Hassanpour, 1992, 145). ئەم تیۆرییانە لەسەر بنەمای نووسینی فەرمی و یەکگرتوویی ڕێنووس و ڕێزمان دامەزراون، بەڵام لە تۆڕی کۆمەڵایەتیدا خێرایی، کورتکردنەوە و تێکەڵکردنی ئەلفوبێ و ئیمۆجی زاڵن، کە دەبێتە هۆی دروستبوونی زمانی کوردیی دیجیتاڵی نافەرمی( Mahmud, 2019, 14).

پێویسته تیۆرێکی نوێ ستاندارکردنی دیجیتاڵی دروستبکرێت، جیاوازبێت له کلاسیکییەکان و ئەم ئاستانەی خوارەوە لەخۆبگرێت:

1. ئاستی بنچینەیی(Core Layer) : یەکگرتوویی تەواو له ڕێنووس و ڕێزمان و وشەسازی بنەڕەتی (بۆ ئاسانی خوێندنەوە له هەموو پلاتفۆرمەکان).
2. ئاستی نەرم (Flexible Layer) : قەبووڵکردنی کورتەنووسین و ئیمۆجی و تێکەڵکردنی ئەلفوبێ به مەرجی واتا به ڕوون بمێنێتەوە (بۆ زیندوویی و خێرایی له وەڵامدانەوەی زمانەکە).
3. پشتیوانی تەکنیکی: فۆنتی یەکگرتووی یونیکۆد و کیبۆردی-AI پشتیوان و ئەپی ڕاستکردنەوەی ڕێنووس. (Al-jaf, 2024, 18)

بەپێی توێژینەوەی (2019) Hasan ٨٧%ی بەکارهێنەرانی زمانی کوردی ناستاندارد بەکاردەهێنن، که ئەمەش نیشانەیه بۆ پێویستی تیۆرێکی نوێ که دیجیتاڵییەتی وەک فاکتەری سەرەکی دابنێت(Hasan, 2021, 194). ئەم تیۆره نوێیه دەتوانێت زمانی کوردی له مردن بپارێزێت و بەرەو زمانی جیهانی ئۆنلاینی ببات، به جۆرێک که هەم ستاندارد بێت و هەم گونجاو لەگەڵ سەردەم.

## ئەنجامەکان

1. تۆڕی کۆمەڵایەتی شێوەزاری دیجیتاڵی نوێی دروستکردووه به کورتەنووسین و وشەی بیانی و ئیمۆجی، که زمان زیندوو دەکاتەوه بەڵام بەرەنگاریی توند بۆ سەروەریی زمانی ستاندارد دروستدەکات و سنوورەکانی نێوان زمانی فەرمی و نافەرمی لێڵدەکات.
2. گۆڕانکاری دیجیتاڵی خێراتره له گۆڕانکاری کلاسیک، بەڕێژەیەکی بەرز وشەکان کورتکراونەتەوه و یەکگرتوویی شێوەزارەکان مەترسی لەسەره.
3. ئیمۆجییەکان زۆرینەی پەیامەکان لەخۆدەگرن و جێگەی دەربڕینی سۆزداری دەگرنەوه، بەڵام توانای وشەیی کەم دەکەنەوه.
4. پێویسته تیۆریی نوێی ستانداردی دیجیتاڵی نەرم دروست بکرێت به ئاستەکانی: بنچینەیی یەکگرتوو و نەرم گونجاو.
5. زمانی کوردی به بەکارهێنانی کیبۆرد و فۆنتی بەکارهێنەرانی، بەرەنگاری مردن دەبێتەوه و دەتوانێت زمانێکی جیهانی ئۆنلاین بێت.

**References**


- Ahmad, P. J. (2025) Language and media in Kurdistan: Challenges and opportunities in the digital age. KFuture.Media**,** 6 July. Available at: https://kfuture.media/language-and-media-in-kurdistan-challenges-and-opportunities-in-the-digital-age/ (Accessed: 31 October 2025).
- Al-jaf, S.A.H., 2024. Digital evolution: Exploring the impact of social media on local dialects and lexicon; an examination of Central Kurdish language. Proceedings of ICARSS, pp.9–20. https://doi.org/10.33422/icarss.v1i1.404
- Auer, P. ed., 2013. Code-switching in conversation: Language, interaction and identity. Routledge.
- Baron, N.S., 2010. Always on: Language in an online and mobile world. Oxford University Press.
- Chambers, J.K., 1995. Sociolinguistic theory: Linguistic variation and its social significance.
- Crystal, D., 2004. Language and the Internet. Cambridge: Cambridge University Press. https://doi.org/10.1017/CBO9781139164771
- Crystal, D., 2011. Internet linguistics: A student guide, Routledge. https://doi.org/10.1075/aral.35.2.07rin
- Danesi, M., 2017. The semiotics of emoji: The rise of visual language in the age of the internet, Bloomsbury Publishing.
- Haig, G. and Matras, Y., 2002. Kurdish linguistics: a brief overview. https://doi.org/10.1524/stuf.2002.55.1.3
- HamaGharib, B. S., Aziz, A. S., Gharib, N. A., & Abdalla, S. (2023). Exploration of the Impact of Harsh Language in Kurdish Society on Social Media – Facebook: A Sociolinguistic Case Study. Journal of Philology and Educational Sciences, 2(2), 55–70.
- Hasan, H. C. (2021) 'Kurdish writing language in social networks (Facebook chat, as an example)', Twejer Journal, 4(2), pp. 153 98. https://doi.org/10.31918/twejer.2142.04
- Hassanpour, A., 1992. Nationalism and language in Kurdistan, 1918-1985. https://lccn.loc.gov/92005916

- Herring, S.C., 2005. Computer-mediated discourse. The handbook of discourse analysis, pp.612-634.
- Holmes, J. and Wilson, N., 2022. An introduction to sociolinguistics. Routledge. https://doi.org/10.53898/jpes2023225
- Joseph, Sarah, Social Media, Human Rights and Political Change (June 2, 2011). Boston College International & Comparative Law Review, Vol. 35, p. 145, 2012, AvailableatSSRN: https://ssrn.com/abstract=1856880 or http://dx.doi.org/10.2139/ssrn.1856880
- Kaplan, A. M. and Haenlein, M. (2010) 'Users of the world, unite! The challenges and opportunities of Social Media', Business Horizons, 53(1), pp. 59–68. https://doi.org/10.1016/j.bushor.2009.09.003
- Labov, W., 1972. Sociolinguistic patterns. Philadelphia: University of Pennsylvania. press1973, pp.43-54.
- Mahmud, C.N., 2019. The Impact of Social Media upon the Kurdish Language. Journal of Duhok University, 21(2), pp.52-77.https://doi.org/10.26682/hjuod.2019.21.2.4
- Moradinazar, M., Gharib, K.H., Taherpour, M. and Jalilian, F., 2025. The silent epidemic: addressing the determinants of antibiotics self-medication in university students. Journal of Public Health, pp.1–12. DOI 10.1007/s10389-025-02560-8
- Poplack, S., 2020. Sometimes I'll start a sentence in Spanish y termino en español: toward a typology of code-switching. In *The bilingualism reader* (pp. 213-243). Routledge. https://www.taylorfrancis.com/chapters/edit/10.4324/9781003060406-24/sometimes-ll-start-sentence-spanish-termino-en-espa%C3%B1ol-toward-typology-code-switching-shana-poplack
- Swales, J.M., 1990. Genre analysis. Cambridge university press.
- Trudgill, P., 2011. Sociolinguistic typology: Social determinants of linguistic complexity. Oxford University Press.
- Wardhaugh, R., 2010. An Introduction to Sociolinguistics: Six Edition. British: Wiley Blackwell.